# ماوەی دیاریکراو، بڕی مارەیی دیاریکراو

بەراوردکردنی کاریگەریی کۆمەڵایەتی – ئابووریی هاوسەرگیریی کاتی (سیغە) لە ئێران

نووسەر: کامیل ئەحمەدی[1]


## پوختە

بە پێچەوانەی گوماناوی نەبوونی لە ڕوانگەی فیقهی شیعەوە، هاوسەرگیریی کاتی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا یەکێک لە پرسە چالنجبزوێنە کۆمەڵایەتی – کەلتوورییەکان بووە. کۆمەڵێ لە شارەزایان، باوبوونی هاوسەرگیریی کاتی بە هۆکاری تەشەنەسەندنی زیاتری گەندەڵی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا دەزانن؛ لە حاڵێکدا هەندێکی دیکە لەو بڕوایەدان کە بانگەشە و هاندان بۆ هاوسەرگیریی کاتی، تاکە ڕێگەی ڕێگری لە گەندەڵی ڕوو لە زیادبووی کۆمەڵگای ئێستایە. ئەم دیاردە هۆکار و لێکەوتەی جیاواز لە خۆ دەگرێ کە دەبێ بە دوور لە ڕوانگەی لاگرانە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. هەر بەم پێیە لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ یەکەمین جار، بنەمای مێژوویی، ئایینی، یاسایی و کۆمەڵایەتی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی تاوتوێ دەکرێت. هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە ئاراستەی چۆنایەتی و چەندایەتی و بە کارهێنانی شێوازی زەمینەدۆزی، ئەم دیاردە بە شێوەی گشتگیر لە سەر ئاستی سێ کەلانشاری تاران، مەشهەد و ئیسفەهان لە ساڵی 1396 – 1395ی هەتاوی تاوتوێ کرا. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا کە خۆشڕابوێریخوازی و ئاسانبوونی هەلومەرجی منداڵهاوسەری دیاردەی تەوەریی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتین کە ئاسەواری وەکوو بەدناوی بەتایبەت بۆ ئافرەتان و بێچمگرتنی زەینییەتی نەرێنی لە ناو پیاوان سەبارەت بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی لێ دەکەوێتەوە. لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە دیوە ئاشکرا و شاراوەکانی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی بە بێ ڕوانگەی لاگرانە و بە شێوەی زانستی تاوتوێ بکرێ بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی ڕوون و ورد سەبارەت بەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بێتە ئاراوە و ڕیگە چارەی سەرەکی و واقیعبینانە بدرێت بە بەرپرسانی جێبەجێکار و یاسادانەر. هیوادارین بە پێی ئەم ڕیگەچارانە، بنیاتی هاوسەرگیریی کاتی لە ئێراندا لە سۆنگەی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێک بخرێ، بە جۆرێک کە مافەکانی ئافرەتان و مندالانی تێدا پێشێل نەکرێ، بنیاتی بنەماڵە و پێگەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی بپارێزرێت.


**وشە کلیلییەکان:** هاوسەرگیریی کاتی، بڕیاری مەحرەمێتی، ژنان، مندالان، یاسا، فیقه.

[1]- خەڵکناس و توێژەر
kameel14@hotmail.com
http://kameelahmady.com

## 1. پێشەکی

ڕفتارە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی خواست و ئەنگێزە مرۆییەکان بەرهەم دێن کە لە سەر بنەمای کەلتوور یان شێواز و ستایلی ژیان ئاراستە دەکرێن. پەیوەندییەکانی ژن و پیاو ئارەزوویەکی سرووشتیی مرۆییە و بە پێی پێویستییەکانی هەر کەلتوورێک، ئەم ئارەزووە بە شێوەی جۆراوجۆر و لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا تێر دەکرێت. ئامانج لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دابینکردن و هێنانە دی خواستگەلی وەکوو ئارەزووی سێکسی، سۆزداری، خۆشویستن و خۆشەویستبوون، خواست بۆ ڕێز لێگیران و لەو چەشنانەیە و ئەم خواستانە سەرچاوەی بایۆلۆجییان هەیە و لە هەموو مرۆڤ و کەلتوورەکاندا بەدی دەکرێن. شێوازی تێرکردنی ئارەزووی سێکسی لە زۆربەی کەلتوورە مرۆییەکاندا لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا خۆی دەنوێنێت. هاوسەرگیری یەکێک لە نەریتە گرینگ و پەسندکراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەتوانین بڵێین لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بە فەرمی ناسراوە. هاوسەرگیری گرێبەستێک لە نێوان ژن و پیاوە کە بە پێی پەیوەندییەکی یاسایی کە بە گوێرەی ئایین و یاسا جیاوازە، بە سەریان دەسەپێنرێت (فضل الله، 1383). لە پێناسەیەکی تری هاوسەرگیری، ئاماژە بە یەکگرتوویی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتیی پیاو و ژن دەکرێ کە دەکەونە بەر دەم یەکسانی و تێکەڵبوون لە هەمبەر کۆمەڵگادا و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پرسانە لە لایەن هەر کام لە لایەنانە، بە شێوەی زۆر نزیکانە وابەستە بە چۆنیەتی تێگەیشتنی ئەوان لە جیاوازیی ژن و پیاو هەیە. (دانینو، 1383). هەروەها بە پێی پێناسەی کۆمەڵناسی و خەڵکناسی هاوسەرگیری کردەوەیەکە کە پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەر لە سەر بنەمای پەیوەندیی هەمیشەیی سێکسی مومکین دەبێت. (ساروخانی، 1385: 25)

ئەوەی لە سەر بنەمای بنیاتی هاوسەرگیری بێچم دەگرێ، بنەماڵەیە. بنەماڵە، یەکەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای مرۆییە. خەڵکناسان، وەک بنەما و کۆڵەکەی کۆمەڵگا و خانەی سازێنەری ژیان و پەناگەی ئەندامەکان لە هاوسەرگیری دەڕوانن. یەکەم ئەزموونی مرۆڤ بۆ بەکۆمەڵایەتیبوون لەم پەناگەدا ڕوو دەدات. بنەماڵە گرووپێک لەو کەسانەیە کە بە پەیوەندیی خوێیی ڕاستەوخۆ پێکەوە دەلکێن و ئەندامانی گەورەساڵ، بەرپرسایەتی ڕاگرتنی منداڵەکانیان لە ئەستۆیە (گیدنز، 1389: 252). بێرگێس و لاک[1] (1953) بنەماڵە بە گرووپێک دەزانن کە لە کۆمەڵێ کەس پێک هاتووە کە لە ڕێگەی پەیوەندیی سێکسییەوە، هاوخوێنی و یان قبوولکران (وەک ڕۆڵە) لەگەڵ یەکتر وەک مێرد، ژن، دایک، باوک، برا و خوشک لە پەیوەندییەکی دوو لایەنەدان و کەلتوورێکی هاوبەش پێک دێنن و لە یەکەیەکی تایبەتدا ژیان بە سەر دەبەن (بهرامی، 1385). بنەماڵە لە ڕیزی گشتیترین ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە پێی هاوسەرگیریی دوو ڕەگەزی بەرامبەر بێچم دەگرێ و تێیدا، پەیوەندیی خوێنیی ڕاستەقینە یان بەڵگەدار بەدی دەکرێت. بنەماڵە زیاتر جۆرێک هاوبەشیی شوێنی لە خۆ دەگرێ و کارکردی جۆراوجۆری تایبەتی، جەستەیی، ئابووری و پەروەردەیی لە ئەستۆدایە. بەم شێوە، بنەماڵە یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە کە هەڵگری ڕەهەندی جۆراوجۆری بایۆلۆجی، ئابووری، یاسایی، دەروونی و کۆمەڵناسییە؛ بنەماڵە یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە لایەکی دیکەشەوە لە فاکتەرە گرینگە کاریگەرەکانی سەر کۆمەڵگایە (ساروخانی، 1385: 136). لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، بنەماڵە بە شێوەی جۆراوجۆر بوونی هەیە و خەڵکناسان و کۆمەڵناسان بێچمەکانی بنەماڵەیان لێک داوەتەوە و

---

[1] - **Burgess & Locke**

پۆلێنبەندییان کردووە. هەندێ لە بێچمەکانی بنەماڵە لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا بەدی دەکرێن و هەندێکی دیکە بۆ کۆمەڵگا تایبەتەکان سنووردار دەبنەوە. بنەماڵەی ناوکی / بەربڵاو؛ بنەماڵەی باوکسالار / دایکسالار؛ بنەماڵەی باوک شوێن / دایک شوێن؛ بنەماڵەی تاکهاوسەری / فرەهاوسەری؛ بنەماڵەی ناتەواو / تاکهاوسەری و بنەماڵەی زەڕ، هاوسەرگیریی هاوبەشی و هاوماڵی لەو پۆلێنبەندییانەن کە بنەماڵە لە سەر بنەمای ڕێژەی ئەندامان و دەسەڵات و شوێن و جۆرە نوێکانی بنەماڵە باسی کراوە (باقری، 1389).

هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە، لە حاڵەتێکدا کارکردی ئەرێنی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتیی گشتی هەیە کە لە کاتی گونجاو و لەگەڵ کەسێکی شیاودا بکرێ؛ واتە ئەگەر هاوسەرەکان لە تەمەنی گونجاودا نەبن، هاوسەرگیریی پاشوەختە یان هاوسەرگیریی پێشوەختە ڕوو دەدات. لە ئەنجامدا، هەم هاوسەرەکان لە سۆنگەی تاکایەتییەوە خەسارەت دەبینن و هەم کاریگەریی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری وەکوو نەخۆشی جەستەیی و دەروونی و ناڕەزامەندی لە ژیانی هاوسەرگیرییەوە بگرە تا دەگاتە ڕێژەی کەمی بەشداری کۆمەڵایەتی و قبووڵکردنی کۆمەڵایەتیی ناتەواو لە بنەماڵە (کە خۆی ئاسەواری تاکایەتی و کۆمەڵایەتی زۆری لێ دەکەوێتەوە) بەرۆکی کۆمەڵگا دەگرێت.

خاوەن تیۆرییە جۆراوجۆرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان، هاوسەرگیرییان وەک بگۆڕێکی وابەستە لێک داوەتەوە. تەمەنی هاوسەرگیری لە هەموو کۆمەڵگایەکدا تا ڕادەیەک پیشاندەری شێوازی ڕێکخستنی ژیانی بنەماڵەیی و هەروەها دەرخەری ئەو دەرفەتانەیە کە ژنان و پیاوان لە کاتی هاوسەرگیریدا لێی سوودمەندن. هاوسەرگیریی پاشوەختە دەتوانێ ببێتە هۆی زیان و ئاسەواری جیدی بۆ گەنجان، بۆ وێنە لەم زیان و خەسارەتانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە لە ئەستۆنەگرتنی بەرپرسایەتی، هۆگریی بۆ پەیوەندیی نەشیاوی کچ و کوڕ، هاوسەرگیریی سپی یان هاوماڵی کە لە ناو چینی گەنج و خوێندەوار لە گەورە شارەکاندا پەرەی سەندووە[1] و بە فیڕۆچوونی تەمەنی گەنجێتی و گەشاوەیی، بەدخوویی لە ژیان بە هۆی تێرنەبوونی خواستە تاکایەتییەکان، پەرۆشییەکانی دایک و باوک بۆ هۆی درەنگ هاوسەرگیریکردنی ڕۆڵەکانیان، خەمۆکی، کێشەی سێکسی، پەنا بردنە بەر مادەی هۆشبەر و ... (پورنقی، 1394). لە لایەکی دیکەشەوە، هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵ یان منداڵهاوسەریش دەتوانێ کێشەی زۆری لێ بکەوێتەوە. هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵهاوسەری، بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەک دەوترێ کە لە خوار تەمەنی 18 ساڵان کرا بێت. بە پێی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە تەمەنی لە نێوان ڕێکەوتی لە دایکبوونەوە هەتا 18 ساڵانە. بەڵام لە هەندێ لە وڵاتان ئەم تەمەنە بە پێی یاساکان و هەلومەرجی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە گۆڕانی بە سەردا دێت. سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەکی ژێر تەمەنی 18 ساڵان، بەر لەوەی کچ یان کوڕ لە سۆنگەی جەستەیی و دەروونییەوە ئامادەی قبووڵکردنی بەرپرسایەتی هاوسەرێتی و منداڵداری بن، دەڵێ هاوسەرگیریی منداڵان. یەکێک لە باوەڕە نەریتی و کەلتوورییەکان لە وڵاتی ئێران خەتەنەی کچانە کە دەبێتە هۆی هاوسەرگیریی پێشوەختە. لە ناو ئەهلی سوننەی لقی ئاینزا شافیعییەکان لە هەندێ لە ناوچەکانی پارێزگای هورمزگان، کرماشان،

---

1- ئەحمەدی، کامیل (1397). ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران

http://kameelahmady.com/fa/wp-content/uploads/2018/08/The-Home-Open-Door.pdf

کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە دێرزەمانەوە نەریتی خەتەنەی کچان / ژنان لە ناویاندا باو بووە کە بە خۆشحاڵییەوە لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە.[1] گرینگترین هۆکاری کاریگەر لە هاوسەرگیریی پێشوەختە، هەژاری، ئاستی خوێندەواریی نزم و کەمخوێندەواری، پشتیوانیی یاسایی، زەختی کۆمەڵایەتی و ڕوانینی پیاوساڵارانە و باوەڕە نەریتی و ئایینییەکانە. هاوسەرگیریی پێشوەختە بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە جێی نیگەرانییە؛ بەڵام ئەم دیاردە بۆ کچان زیانبەخشترە. لە ئاسەوارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە دەتوانین ئاماژە بکەین بە: هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق، منداڵبێوەیی، پەروەردەبوونی منداڵانی بێسەرپەرشت و بەدسەرپەرشت، کەڵکاوەژوویی سێکسی بۆ سەر کچان، بەردەوامیی پرۆسەی هەژاری و لەشفرۆشی، زۆربوونی نەخۆشییە جەستەیی و سێکسی و ڕۆحییەکانی کچان.[2] هاوسەرگیری، گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە و دەستەبەری مانەوەی نەوەی مرۆڤ دەکا و لە ئەنجامی هاوسەرگیریی تەندروست و لە کاتی گونجاو کە کارکردە ئەرێنییەکانی بۆ بنیاتی بنەماڵە بەردەوام بێ ئەوە ئاسوودەیی و ئاسایشی کۆمەڵگا وەدەست دێت.

لە درێژایی مێژوودا، ئایینە یەکتاپەرستییەکان هەوڵیان داوە ئەم ئارەزووە سرووشتییە بە یاسایی بکەن و بە شێوەی جۆراوجۆر، شوێنکەوتووانی خۆیان لە بێڕەوشتی و ترازان لە ڕێگەچارەکانی خۆیان قەدەغە دەکرد. لەم نێوانەدا، ئایینی ئیسلام سەرنجێکی تایبەتی پرژاندووەتە سەر خستنەڕووی سەرچەشنی ڕفتارێکی سێکسیی پارێزراو و گرینگییەکی تایبەتی بە ڕێگری، چاکسازی و چارەسەری نانۆرمی، بە لاڕێداچوون و کێشە سێکسییەکان داوە، چوونکە گەشە، پێشکەوتن، بەختەوەری و کەماڵی مرۆڤ، چاکسازی و پەروەردەی نەوە، درێژەدان و پاراستنی ڕەچەڵەک لە ڕێگەی شیاو، بەردەوامی و تۆکمەبوونی سیستەمی بنەماڵە و بە دوایدا پاکیی کۆمەڵگا، لە پارێزراوی و پاکبوونەوە لە جۆرەکانی ئەم بە لاڕێداچوونە و نەبوونی ئەم کێشانەدا دەبینێت. مۆدێلی ئیسلامی پاراستنی ڕفتاری سێکسی لە دوو ڕەهەندی پاکداوێنی و خۆپارێزی سێکسی و نیکاح (تێرکردنی شیاو و ڕەزامەندانەی ئارەزووە سێکسییەکان لە ڕێگەی هاوسەربژێری) پێک دێت. ئەم دوو ڕەهەندە، سنوورێکی بەربڵاو لە بنەما و بەرنامەکان لە قۆناغەکانی گەشەی مرۆیی لە کاتی لە دایکبوونەوە هەتا دواساتی ژیان (چاودێری، کۆنترۆڵ، ڕێنوێنی و پەروەردەی سێکسی، ئامادەکردن و ڕاهێنانی سێکسی لە کاتی هاوسەرگیری، ڕاهێنانی سێکسی و شێوازی هاوباخەڵی و چاکسازی و چارەسەری نانۆرمییە سێکسییەکان) لە خۆ دەگرێت (نورعلیزادە، 1388). ئایینی ئیسلام، تێرکردنی ئارەزووی سێکسی لە سیستەمی بنەماڵە و لە سای هاوسەرگیری، وەک بابەتێکی پەسندکراو دێنێتە هەژمار و داکۆکی لە سەر دەکا و ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدا کە ئارەزووی سێکسی خۆیان لە ڕێگەی تێکەڵبوون لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیان تێر بکەن (کجباف، 1384).

---

**1- کامیل ئەحمەدی (1394)، بە ناوی نەریت: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران، تاران: چاپخانەی شیرازە**

**Ahmadi.K. In the Name of Tradition: Female Genital Mutilation in Iran. Un CUT / VOICES Press: ://www .amazon.com/Name-Tradition-Female-Genital**

**2 - ئەحمەدی، کامیل، زایەڵەی بێدەنگی: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران، تاران: شیرازە**

***Ahmady, Kameel (2017). An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study On Early Child Marriagen (ECM) In Iran, New York: Nova Publishing***

لە وڵاتی ئێران هاوسەرگیری بە پێی ئایینی ئیسلام و بەها ئایینییەکانە. بەم پێیە یاسای مەدەنی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکسان لەگەڵ فیقهی ئەهلی شێعە، دوو چەشن هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی (سیغە) بە فەرمی ناسیوە. لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا، هاوسەرەکان بە بێ سنووورداریی کاتی و دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو، بە پێی ئایینی ئیسلام و یاساکانی ئێران (مادەکانی 1062 هەتا 1070 یاسای مەدەنی بە گوێرەی هەلومەرجی شیاوی هاوسەرگیری) پەیمانی هاوسەرگیری دەدەن؛ بەڵام لە هاوسەرگیریی کاتی کە لە گوتاری ئیسلامی و کۆمەڵایەتی زۆر بۆچوونی جیاوازی لە سەرە، هاوسەرەکان بە گوێرەی ئایینزای شێعە و مادەی 1075ـی یاسای مەدەنی ئێران پێکەوە پەیمانێک دەدەن کە ماوەیەک پێکەوە مەحرەم بن بۆ ئەوەی پەیوەندیی سێکسییان هەبێت. پاش تێپەڕینی کاتی دیاریکراو، هاوسەرگیرییەکە خۆ بە خۆ هەڵدەوەشێتەوە و پێویست بە تەڵاق ناکات.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو شەرعە پەیوەندییەکی بەر لە هاوسەرگیریی بوونی هەبێ ئەوە بڕیاری مەحرەمێتە (صیغەی محرمیت). لە ڕوانگەی ئایینییەوە بڕیاری مەحرەمێتی هەمان هاوسەرگیریی کاتی ە کە لە نێوان کچان و کوڕان ئەنجام دەدرێ و دەتوانێ هۆکارێکی وەکوو دەرفەتێک بۆ ئاشنابوون و هاوسەرگیری بێ و یان ئەوەی کە لەو شوێنانەی کە پێکەوە بوونی کچان و کوڕان نەخوازراوانە ڕوو دەدا بە مەبەستی ڕێگری لە کەوتنەوەی گوناح لێکیان مارە دەکەن. بڕیاری مەحرەمێتی بە مەبەستی ئاشنابوون، تا ڕادەیەک هاوشێوەی هەمان قۆناغی دەزگیرانداریيە و لە ناو گەنجانی گەورەساڵی ژوور تەمەن 18 ساڵ باوە کە کە دایک و باوکەکان خۆیان و گەورەکانی خزم و کەس و یان ئەوەی کە لە لایەن زانایەکی ئایینی لێک مارە دەکرێن بەڵام بڕیاری مەحرەمێتی بۆ ڕێگری لە تاوان لە شوێنە گشتییەکانی وەکوو ئۆردوو، گەڕەک و ... نێوان کچان و کوڕانی منداڵ و مێرمنداڵ لە لایەن بنەماڵەکان و بە شێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێت. بنەماڵە ئایینپەروەرەکان هاوسەرگیری بە هۆکاری ڕێگری لە ڕوودانی تاوان و گەندەڵی دەزانن. بڕیاری مەحرەمێتی چ لە کاتی ئاشنابوون و چ لە کاتی منداڵی و مێرمنداڵی هەمیشە بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و فەرمی کۆتایی پێ نایە و لەو ڕووەوەی کە تەواو نهێنییە چاودێرییەکی یاسایی لە سەر ئاکارەکانی ناکرێت. پەیوەندیی کچان و کوڕان لە چوارچێوەی بڕیاری مەحرەمێتی لایەنی پیرۆزیەتی دەگرێتە خۆی و لە چوارچێوەی پیرۆزبووندا لێکەوتە و دەرکەوتەکانی ڕەچاو ناکرێت. ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە بڕیاری مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی هیچ جیاوازییەکان پێکەوە نییە و پەیوەندیی سێکسی لە ماوەی بڕیاری مەحرەمێتی لە ڕوانگەی شەرعییەوە، بە ڕێگەپێدراو سەیر کراوە. تەمەنی ئەو کەسانەی کە مارە دەکرێن گرینگییەکی تایبەتی هەیە.




چارتی 1. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی تەمەنی وڵامدەران لە کاتی بڕیاری مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی

لە کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێران کە لە ژێر کاریگەری مۆدێرنیتە، هەڵبەت ناتەواوە، سەرچەشنی هاوسەرگیری گۆڕانی بە سەردا هاتووە. بەڵگەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ڕێژەی هاوسەرگیری کەمبوونەوەی بەرچاو بە خۆوە بینیوە و ڕێژەی تەڵاقیش ڕووی لە هەڵکشانە. سەرەڕای زۆربوونی ڕێژەی ئەو گەنجانەی کە لە تەمەنی هاوسەرگیریدان ژمارەیەکی نزیک لە 11.5 ملیۆن کەسی لە خۆ دەگرێ، ڕێژەی هاوسەرگیری لە وڵات دابەزیوە. ئامارەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ڕێژەی هاوسەرگیری هاوڕێژە لەگەڵ حەشیمەتی خەڵک بەرز نەبۆتەوە و بە وتەی شارەزایان، درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە دەتوانێ سەرچاوەی زۆرێک لە خەسارەت و نیگەرانییەکان لە کۆمەڵگا بێت. بەدەر لە ئاخێزگەی ئایینیی هاوسەرگیریی کاتی، بە هۆی ڕاستییەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، هاوسەرگیریی کاتی لە کۆمەڵگای ئێران وەک چارەسەری کێشە خراوەتە ڕوو. بە واتایەکی دیکە، بە هۆی بوونی ڕاستیگەلی وەکوو سەرچەشنە تەمەنییەکانی هەڵبژاردنی هاوسەر، ئەستەمی هاوسەرگیریی هەمیشەیی بە هۆی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی، و هەروەها دڵخوازبوونی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە نۆرم و زەختە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنگیزە تاکایەتییەکان، مەودایەکی زۆری لە نێوان باڵقبوونی جەستەیی و باڵقبوونی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەنجان بەدی هێناوە و تەندروستیی سێکسیی ئەوانی خستۆتە مەترسییەوە. بەم شێوە، لە بارودۆخێکدا کە بواری هاوسەرگیریی هەمیشەیی و بوونی هاوسەر مومکین نییە، هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێگەچارە خراوەتە ڕوو. ڕێگری لە تاوان و گەندەڵی، تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکان، وەدەستهێنانی زانیاری بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی، گەیشتن بە ئاسوودەیی ڕۆحی و هزری و نەبوونی ئیمکانیاتی پێویست بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە سەرەکیترین هۆکارەکانی خستنە ڕووی ئەم ڕێگە چارەیە. بە پێی ئەم بەڵگانە، دەوڵەت و سیاسەتدانەرانی ڕژیم لەم ساڵانەی دواییدا بە بانگەشەی میدیایی، پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی نووسینگەی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کاتی و دانانی ماڵپەری جۆراوجۆری ئەنتەرنێتی، وەک چارەسەری کێشەی هاوسەرگیریی گەنجان، بانگەشە بۆ ئەم شێوازە هاوسەرگیرییە دەکەن و پەرەیان پێداوە. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی لە پێگەی جۆراوجۆردا هەوڵی دا داکۆکی و بەرگری لە هاوسەرگیریی کاتی بکات. ناوبراو بۆ یەکەم جار لە خوتبەی نوێژی هەینی سێیەمی مانگی بەفرانباری ساڵی 1364ـی هەتاوی هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێگە

چارەی ڕێگری لە گەندەڵی ئەخلاقی لە کۆمەڵگا لە قەڵەم دا و وتی: «حکوومەتێک کە داوای پاکداوێنی لە گەنجان دەکا، هەلی پاکداوێنبوونیش دەبێ دابین بکات.» ڕەفسەنجانی وێڕای ئاماژە بەوەی کە هەندێ کەس لە سەردەمی ڕژێمی ڕابردوو تووشی تاوان هاتوون، شیاوی چاکسازیین، وتی: «ئەگەر ڕێگرییان لە سیغە نەکردایە و بیانهێشتبا خەڵکی هەژار، هاوسەرگیریی کاتی بکەن، هیچ کەس تووشی زینا نەدەبوو. کەلتووری کۆمەڵگای پێشوو بە لاساییکردنەوە لە ڕۆژاواییەکان زینای بە ڕێگەپێدراو دەزانی؛ بەڵام هاوسەرگیریی کاتی حەرام کردبوو.[1]» هاشمی ڕەفسەنجانی لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: «... کۆمەڵگای ئێمە وەک حەقیقەتێکی پیرۆز هاوسەرگیریی هەمیشەیی قبووڵ کردووە؛ بەڵام وێنایەکی ناشیرین و نەخوازراوی لە هاوسەرگیریی کاتی هەیە.» من وتم ئافرەتانی بێمێردیش بۆیان هەیە بە کاری بێنن و ژیانی یەک ساڵە و دوو ساڵە و پێنج ساڵە و کەمتر یان زیاتر پێک بێنن و ئەگەر ئەمە پەرەی نەسێنێ، کۆمەڵگاکەمان تێک دەشکێت. سەبارەت بە کچانی کەم تەمەنیش ئەم بابەتە دەبێ بە ڕەزامەندیی باوکیان بێ و هاوسەرگیریی کاتی هەموو مەرجەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە خۆ گرتووە و دەبێ لە نووسینگەکاندا تۆمار بکرێ و دیار و ڕوون بکرێتەوە» (هاشمی بهرمانی، 1392: 411). هەروەها نووسینگەی خوێندنەوەی یاسایی ناوەندی توێژینەوەکانی پاڕلەمان، لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی «هاوسەرگیریی کاتی و کاریگەرییەکەی لە سەر کەمکردنەوەی پەیوەندییە ناشەرعییە سێکسییەکان» بڵاو کردەوە کە بە ئاماژە بە هەندێ پێشنیار، چۆنیەتی و بۆچییەتی پەرەسەندنی هاوسەرگیریی کاتی لە کۆمەڵگای ڕوون کردۆتەوە و پێشنیاری ئەوە دەکا کە «ناوەندەکانی هاوسەرگیریی کاتی» لە ئێران دابمەزرێ و «ئەم دامەزراوە شەرعییە وەک نۆڕمێکی کەلتووری دەبێ بە شێوەی کردەیی پەرەی پێ بدرێت.»



وێنەی 1. هاشمی ڕەفسەنجانی لە دەستڕۆشتووترین کەسایەتییە سیاسییەکانی بوو کە 1395 کۆچی دوایی کرد.

---

**1- خوتبەی نوێژی هەینی، 3ی مانگی بەرفرانباری ساڵی 1364ی هەتاوی، تاران: ئایەتوڵا هاشمی ڕەفسەنجانی**

لەم نێوەندەدا جیا لە کەسایەتییە کاریگەرە سیاسییەکان، کەسانی خاوەن قەڵەم و دەستڕۆیشتووش هەستان بە داکۆکیکردن لە سەر هاوسەرگیریی کاتی. مورتەزا موتەهەری لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی «نظام حقوقی زن در اسلام» بەم شێوە فەلسەفەی هاوسەرگیریی کاتی ڕوون کردەوە: «بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە هاوسەرگیریی هەمیشەیی بەرپرسایەتی و ئەرکێکی زێدەتر دەخاتە ئەستۆی هاوسەرەکان، هەر بۆیە ناتوانی کچ یان کوڕێک شک ببەی کە لە یەکەم ساتەوەختی باڵقبوونی سرووشتی کە لە ژێر زەختە سرووشتییەکاندایە، ئامادەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی هەبێت. تایبەتمەندیی سەردەمی نوێ لەوەدایە کە مەودای باڵقبوونی سرووشتی لەگەڵ باڵقبوونی کۆمەڵایەتی و توانای پێکهێنانی خێزانی دوور کردووە. لە سەردەمی ساکاری کۆن کوڕێکی کەمتەمەن لە سەرەتاکانی تافی باڵقبوونی سرووشتیدا توانای ئەنجامدانی پیشەیەکی دەگرتە ئەستۆ کە هەتا دواساتی تەمەن لە ئەنجامی دەدا، بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئەمە نامومیکنە. کوڕێک سەرکەوتووانە قۆناغەکانی خوێندنی لە سەرەتایی و ئامادەیی و زانکۆ بێوچان و بێڕەتبوونەوە لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ و یان لە کونکووری زانکۆ تێدەپەڕێنێ، لە تەمەنی 25 ساڵاندا خوێندنی تەواو دەبێ و لەمەو بە دوا دەتوانێ داهاتێکی ببێت. بێگومان سێ بۆ چواری ساڵی پێ دەچێ بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانێکی ساکار بۆ خۆی پێک بێنێ و ئامادەی هاوسەرگیری بێت. هەروەها کچێکی سەرکەوتوو کە بە نیازە قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت لێتان دەپرسێ: چی لە سرووشت و ئارەزووی سێکسی بکەین؟ ئایا سرووشت ئامادەیە لەبەر ئەوەی بارودۆخی ژیانی ئێمە لە سەردەمی ئێستادا ئێزن نادا لە تەمەنی شازدە و هەژدە ساڵاندا هاوسەرگیریی بکەین، کاتی باڵقبوون بخاتە دواوە هەتا ئەو کاتەی ئێمە کۆتایی بە خوێندنمان دێنین، ئارەزووی سێکسی وازمان لێ دێنێت؟! ئایا گەنجان ئامادەن قۆناغێکی تەرکە دنیایی تێپەڕ بکەن و خۆیان بخەنە ژێر زەخت و خۆپارێزی هەتا ئەو کاتەی هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەییان بۆ دەڕەخسێت؟! گریمان گەنجێک ئامادەیە بە شێوەی کاتی ڕەبەنایەتی خۆی قبووڵ بکا، ئایا سرووشت ئامادەیە خۆی لە زیانی قورس و مەترسیدار کە بە هۆی ڕێگری لە تێرکردنی ئارەزووی سێکسی دروست دەبێ و دەروونتوێژی ئێستاکە ئاشکرای کردووە، پاشگەز ببێتەوە؟! دوو ڕێگە زیاتر نامێنێتەوە یان ئەوەتا واز لە گەنجەکە بێنین و خەمی لێ نەخۆین، ڕێگە بە کوڕێک بدەین لەگەڵ سەدان کچ ڕابووێرێ و ئێزن بە کچێک بدەین لەگەڵ دەیان کوڕ پەیوەندیی سێکسیی ناشەرعی هەبێ و چەندین جار کۆرپەلە لە بار ببات؛ واتە بە شێوەی کردەیی کۆمۆنیزمی سێکسی قبووڵ بکەین و بە هۆی ئەوەی بە شێوەی یەکسان ڕێگەمان بە کچ و کوڕ داوە، ڕۆحی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤمان لە خۆمان شاد کردووە. ڕێگەی دووهەم هاوسەرگیریی کاتی ە. هاوسەرگیریی کاتی لە پلەی یەکەمدا ئافرەت سنووردار دەکاتەوە کە لە یەک کاتدا، ژنی دوو پیاو نەبێت. دیارە سنوورداربوونی ئافرەت پێویستی بە سنووردارکردنی پیاویش دەبێت. بەم شێوە کوڕ و کچ خەریکی تێپەڕاندنی قۆناغەکانی خوێندنن بە بێ ئەوەی تابشتی ڕەبەنایەتی و تەرکە دنیایی کاتی و زیانەکانی بێنن و بە بێ ئەوەی نوقمی کۆمۆنیزمی سێکسی ببنەوە.» (مطهری، 1376: 51 - 50). عەلی شەریعەتیش لەم بارەوە دەڵێ: «هاوسەرگیریی کاتی، نە لە بێچمی ئێستاکەی، پێشکەوتووترین نەریتێکە کە دانراوە. بە ڕای من شیکاریی زانستی و کۆمەڵناسی و بەتایبەت دەروونناسیی هاوسەرگیریی جیهانی ئەوڕۆ پێویستە. لە گەڵاڵەی هاوسەرگیریی کاتی، یەکەم دەبێ بەرگری لێ بکرێ و ئەو پێشینە زۆر ناشیرن و خراپە بشۆینەوە و ئینجا بیکەین بە پێشکەوتووترین پرس لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەوڕۆیی گەنجانی دنیا و ئاماژە بە فەلسەفەکەی بکرێ و بە شێوەی دروست و زانستی شی بکرێتەوە. هاوسەرگیریی کاتی لە بێچمە هەنووکەییەکەیدا، نموونەی ئەو نەریتانەیە کە تێیاندا ئەوەی بە ئەنجام دەدرێ، دژی حەقیقەت و ڕۆحی ئەم یاسا و نەریتەیە.

واتە ئەو هەڵسەنگاندنەی کە ڕووناکبیر، بەرامبەر بە شێوازی ئەوڕۆیی هاوسەرگیریی کاتی هەیەتی، دژیو و قێزەونە.» (کریمی نیا. 1390). هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی تەنیا لە ناو شێعەدا باوە و لە ناو ئاییزا چوارییەکان حەرامە و شەرعیەت و ڕەواداری نییە هەڵبەت ئەوەش نەشارینەوە هەندێ لە ڕێبەران وەکوو ئایەتوڵا سانعی تەنیا لە حاڵەتەکانی جەنگ لە سەرەتای ئیسلام سیغە بە پێویست دەزانێ و لە ژیانی ئەوڕۆییدا وەک یەکێک لە هۆکارەکانی داڕمانی بنەماڵە پێناسەی دەکات.

لە سیاسەتداڕێژییە کەڵانەکان لە بارەی هاوسەرگیریی کاتی زۆرێک لە پرسەکان پشتگوێ خراون کە چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت ژنان لە دژی نارەزایەتییان دەربڕیوە. هەر ئەم سەرنجنەدان بە هەندێ لە ڕەهەندە پشتگوێخراوەکانی هاوسەرگیریی کاتی ە کە وای کردووە گوتاری هاوسەرگیریی کاتی، نە وەک نۆرمی کۆمەڵایەتی لە لایەن خەڵکەوە قبووڵ کراوە و نە زۆرینەی بلیمەتە هزرییەکان لە کۆمەڵگادا لەگەڵین. لە پەرەدان بە هاوسەرگیریی کاتی ئاوڕ لە پرسەکانی ئافرەت نەدراوەتەوە و ئاراستەی زاڵ لەم بوارەدا تەواو پیاوانەیە کە دژی گوتاری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ڕەگەزێتی لە بنەماڵەی مۆدیرنی ناوکییە. ئامانجی یەکەمی هاوسەرگیریی کاتی بۆ زۆربەی پیاوان، چێژ و سوودمەندی سێکسییە (سیغە یان سێکس کردن)؛ لە حاڵێکدا کە بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوە لە ئێران، ژنان ئەم هاوسەرگیرییە یان وەک سەرچاوەی داهات دەزانن یان بە هۆی ترس لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی تاڵی هاوسەرگیریی ڕابردوو و بۆ دابینکردنی خواستە سۆزداری و سێکسییەکانیان پەنای بۆ دەبەن. کەواتە ئامانجی ئافرەتان و پیاوان تەواو لێک جیاوازە؛ بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە هاوبەش بێت. لە ڕاستیدا ڕەنگە بنەمای هاوسەرگیریی کاتی لەگەڵ بنەمای بنەماڵەی ناوکی کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگا بە پێی وابەستەیی و هۆگریی بێچم دەگرێ، جیاواز بێ. هەروەها چالاکڤانانی مافەکانی ژنان هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی بە هۆکاری بەرهەمهاتنەوەی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و هەڵاواردنە ڕەگەزێتییەکان لە دژی ئافرەتان، لەقبوونی بنیاتی بنەماڵە و پەرەسەندنی فرەژنی، منداڵهاوسەری، نەخۆشی نزیکی و باوبوونی لەشفرۆشی دەزانن و لە دژی وەستاون.

بڕیاری مەحرەمێتی کە لە ڕاستیدا هەمان هاوسەرگیریی کاتی ە هەرگیز لە کۆمەڵگە زانستی و زانکۆییەکان یان لە قۆناغەکاندا یاساییەکاندا نەخراوەتە بەر تیشکی باس و لێکدانەوە. چوونکە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە و پەیوەندیی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بە تەواوەتی بە شێوەی شاراوە و لە چوارچێوەیەکی ئایینیدایە و ئەو ژن و مێردانەی کە بەم کارە هەڵدەستن باش دەزانن کە لە ئەگەری کۆتایی هاتنی کاتی بڕیاری مەحرەمێتی لە هەر چەشنە پابەندیی و بەرپرسایەتییەک بێبەرین. ئاشنابوون و ناسینی زیاتری بڕیاری مەحرەمێتی دەتوانێ پاساوی عەقڵانی هەبێ بەڵام دەبێ ئاماژەش بەم خاڵە بکرێ کە بە هۆی زەختی بنەماڵە لە ئەگەری نەبوونی لێکتێگەیشتن ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە بە هاوسەرگیریی کۆتایی پێ بێ و ئەم نەبوونی لێکتێگەیشتنە دەتوانێ لە داهاتوودا داڕمانی بنەماڵەی لێ بکەوێتەوە. لە لایەکی تریشەوە لە کاتی بڕیاری مەحرەمێتی و دڕانی پەردەی کچێتی لە ئەگەری کۆتایی نەهاتن بە هاوسەرگیریی خەسارەتی ڕۆحی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ سەر ژنانی لێ دەکەوێتەوە و لەو ڕووەوەی کە هیچ چەشنە تۆمارکردنێکی یاسایی نییە ناتوانێ بۆ سەندنەوەی مافی خۆی داپەڕێک ئەنجام بدات. بەڵام لە بڕیاری مەحرەمێتی کە لە ناو منداڵان و مێرمنداڵان بۆ ڕێگری لە تاوان ئەنجام دەدرێ لێکەوتەی جیاوازتری لێ دەکەوێتەوە. پەیوەندییەکانی نێوان کچان و کورانی مێرمنداڵ کە نزیک تافی باڵقبوونن زیاتر لایەنی سێکسی دەگرێتە خۆی ئەوە لە حاڵێکدا کە

هیچ چەشنە ئامادەیی هزری و ئابووری و کۆمەڵایەتییان بۆ هاوسەرگیریی نییە. لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵی پەیوەندیی هاوسەرێتی بە پەیوەندیی سێکسی کۆتایی پێ دێ کە بە هۆی زەختە کۆمەڵایەتییەکان، بنەماڵەکان بە شوێن بە تۆمارکردنی هاوسەرگیریی هاوسەرەکانن و لە ئەگەری قبووڵکران لە لایەن پیاو ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی ئاسانبوونی هاوسەرگیریی منداڵەکان و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لێکەوتەی وەکوو وازهێنان لە خوێندن، خەسارەتی جەستەیی و سێکسی بەتایبەت بۆ سەر کچان، خەساری ڕۆحی و لە کۆتاییدا منداڵبێوەیی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا ئەم چەشنە پەیوەندییانە بە کۆتاییهاتنی بڕیاری مەحرەمێتی و قبووڵ نەکردنی هاوسەرگیری لە لایەن پیاو دەبێتە هۆی لێکەوتەی جیدیتر و منداڵ یان مێرمنداڵی کچ تووشی زیانی قەرەبوونەکراوی ڕۆحی دەبێتەوە. لێکدانەوەی ڕەخنەییانەی هەندێ لە داب و نەریتە ئایینییەکان لەو تابۆیانەیە کە زۆر کەس بە هۆکاری جیاواز خۆی لێ دەبوێرێ بەڵام کاتێ هەندێ لە داب و نەریتەکان بە هۆی پێویستیی کاتی و شوێنی دەتوانێ خەساری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ تاک و کۆمەڵگای لێ بکەوێتەوە دەبێ پێداچوونەوەی پێدا بکرێتەوە و لە دەلاقەی یاساوە چاودێری بکرێ کە ئەمە بنەما و ئامانجی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

### 2. شێوازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی ڕوانگەی شرۆڤەخوازی و ئاراستەی شێوازناسیی چۆنایەتی بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی تیۆریی زەمینەیی لە سەر ئاستی سێ کەلانشاری تاران، ئیسفەهان و مەشهەد ئەنجام دراوە. زانیاری و داتاکانی ئەم توێژینەوە بە سوودوەرگرتن لە تەکنیکی دیمانەی ئازاد و قووڵ کۆ کراوەتەوە. بە هۆی هەستیاریی کەلتووری و ئایینیی بابەتی لێکۆڵینەوە و دژواری دەستگەیشتن بە نموونەکان، شێوازی نموونەگیریی ئامانجدار بە کار هێنرا. دڵنیابوونی تیۆری پاش ئەنجامی 100 لێدوان وەدەست هات و بۆ متمانەی زێدەتر، دیمانەی زیاتر ئەنجام درا. پاش ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ 216 کەس، لە مەڕ دڵنیابوونی تیۆریی گشتگیری توێژینەوە ڕازی بووین. هەڵبەت لێرەدا چاودێری و ڕێنوێنیی پسپۆڕانی شێوازی چۆنایەتیشمان بە کار هێنا. لە کۆی 216 کەس توێژینەوە لە سەر کراو، 35 لە سەد پیاو و 65 لە سەد ئافرەت بوون. هەروەها بە مەبەستی دەوڵەمەندتر کردنی توێژینەوە، کارناسانی ئایینی و فەقێکان، کارناسانی یاسایی و پارێزەران و نووسینگەی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی و تەڵاقیشمان دواند.

### 3. ئەنجامەکانی توێژینەوە

بەدەر لە گرینگایەتی تایبەتی خواستە مادییەکان وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی ملدانی ئافرەتان بە هاوسەرگیریی کاتی، هۆکارەکانی سۆزداری و دەروونیش لە فاکتەرە گرینگەکانی هاوسەرگیریی کاتین. لە توێژینەوەیەکدا کە تەلعەت ڕافعی و هاوکارەکان ئەنجامیان داوە، 13/2 لە سەدی ژنانی سیغە کراو، هۆکاری هاوسەرگیریی کاتی خۆیان گەڕاندۆتەوە بۆ سێکس، 28 لە سەد ئابووری و 58/8 لە سەد هۆکاری سۆزداری، دەروونی، تەنیایی و خێزانی (ڕافعی، 1382: 50). ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە پێویستیی ئابووری، دەروونی و سێکسی لە هۆکارە سەرەکییەکانی هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی کاتی ە بەڵام بە پێی ڕەگەزێتی لە ناو ژنان و پیاوان جیاوازە.

زیاترین هۆکاری هۆگریی پیاوان بۆ هاوسەرگیریی کاتی، ئارەزووی سێکسییە. ئارەزووە سێکسییەکان بە 61 لە سەد، خواستە سۆزدارییەکان بە 31/1 لە سەد و خواستی مادی 8/9 لە سەد. یەکەمایەتی یەکەم هەتا سێیەمی خواستەکانی کۆمەڵگەی ئاماری پیاوانن. بەڵام گرینگترین هۆکارێک کە ژنان ناچار بە هاوسەرگیریی کاتی دەکا، خواستی ئابووری بە 50 لە سەدە و خواستی سۆزداری و سێکسی بە 35 و 15 لە سەد لە هۆکارەکانی دووهەم و سێیەمی ملکەچێتی ئافرەتان بۆ هاوسەرگیریی کاتی ە.




چارتی 2. ڕێژەی فرەیی هۆکارەکانی هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی کاتی بە پێی ڕەگەز

بە ئاوڕدانەوە لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە، خواستی سۆزداری و ئابووری لە ناو ژنان و ئارەزووی سێکسی لە ناو پیاوان گرینگترین هۆکارەکانی ڕووکردنە هاوسەرگیریی کاتی ە. هەروەها ئەزموونی هەست بە تەنهایی و نەبوونی شادومانی لە ناو ئافرەتان و ئەزموونی هاوسەرگیریی ناسەرکەوتووی ڕابردوو، ناڕەزایەتی لە هاوسەر و نەبوونی لێکتێگەیشتن لە هۆکارەکانی دیکەی هاوسەرگیریی کاتی پیاوانە.

دابینکردنی بژێوی لە کۆمەڵگا نەریتییەکان لە سەر ئەستۆی پیاوی بنەماڵەیە. بەڵام لە نەبوونی مێرد، برا یان باوک یان باپیری باوکی، ژنان دەبێ خۆیان بژێوییان دابین بکەن. بەم ژنانە دەڵێن ژنانی بێسەرپەرشت یان خۆسەرپەرشت. بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی ئاماری ئێران، ئافرەتانی بێسەرپەرشت یان خۆسەرپەرشت، ئەو بنەماڵانەن کە بە هۆکاری جیاواز (تەڵاق، کۆچکردن و مەرگی هاوسەر) وەک سەرپەرشت پیاوێکی تێدا نییە یان ئەو بنەماڵانەی کە پیاوان بە هۆی (نەخۆشی، ئالودە بوون بە مادەی هۆشبەر و ...) لە دابینکردنی داهاتی بنەماڵە بێبەشن. سەرەڕای ئەوەی بارودۆخ بۆ بەشداریی زێدەتری ئافرەتان لە بەستێنی بەرهەمهێنان، خزمەتگوزاری و پەروەردە لە کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێران پتر لە جاران هەموار کراوە و ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆن، ئەم ژنانە بە بەراورد لەگەڵ حەشیمەتی گشتیی کۆمەڵگا لە کەمینەدان و دۆخی هەنووکەیی ئەوان بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووریی ئەوانە. بە ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی

چەتوونی ئابووری لە ئێران و خواست بۆ دابینکردنی بژێوی، هەندێ لە ژنان سیغە وەک ڕیگە چارەیەک بۆ دابینکردنی خواستە ئابوورییەکانی خۆیان سەیر دەکەن و لە پێناو دابینکردنی خواستە مادییەکانی خۆیان دەست دەدەنە هاوسەرگیریی کاتی. دەبێ ئاماژە بەم خاڵە بکرێ کە ڕێژەی هەژاریی مادی ئەو ژنانەی کە بە هۆی خواستی ئابووری سیغە دەبن، زۆر زیاتر لەو خەرجانەیە کە پیاوان وەک بڕی مارەیی دیاریکراو و لە کاتی دیاریکراو، بە بێ پێدانی نەفەقە و تێچووەکانی دیکە دەیدەن بە ژن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پێشنیاری هاوسەرگیریی کاتی بەو پیاوە کەمداهاتانە دەکرێ کە توانای هاوسەرگیریی هەمیشەییان نییە. بە گشتی ڕەنگە لایەنی کاتیبوونی سیغە ڕێگە چارەی خواستە مادییەکانی ژنان نەبێت.

| "ژنی 38 ساڵە، دانیشتووی تاران. تەڵاقدراو، خاوەن دوو ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی |
|---|
| *تێچووی ژیان قورسە. یارمەتیم دەدات. پاش ئەوەی سیغەی یەکەم کۆتایی هات، دۆخی ئابووریم زۆر نالەبار بوو. بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەم پیاوە باش بووە. ئەو کات تەنانەت نەمدەتوانی برنج بکڕم؛ بەڵام ئێستا هەموو شتێکم هەیە. مریشکم هەیە. ساردینگەکەم هەمیشە پڕە. تەنانەت هاوڕێکانیشم ئەوەم پێ دەڵێن. هەڵبەت ئەو هاوڕێیانەی کە زۆر لەگەڵیان تێکەڵم و دێنە ماڵەکەم."* |

جیا لە سەرچاوەی کاتی بۆ ژنان لە هاوسەرگیریی کاتیدا، جۆرێک ئابووری لەم چەشنە پەیوەندییەدا بێچمی گرتووە ئاسانبوونی پەیوەندیی سێکسی لە ڕێگەی هاوسەرگیریی کاتی بۆتە هۆی ڕاکێشانی ئەو مسافرانەی کە دەچنە شارە ئایینییەکانی وەکوو مەشهەد و لە هۆتێل و ئاپارتماندا ژنانی سیغەیی لە خۆیان مارە دەکەن کە هەندێ جار ماوەی عەدە و مەرجە شەرعییەکەشی ڕەچاو ناکرێت. دابەزینی نرخی ڕیاڵ بۆتە هۆی ئەوەی دیکەی وڵاتانی دراوسێ بە تێچووی زۆر کەم لە ئێران چێژی سێکسی بە ئەزموون بکەن. ئاشنایەتی بۆ تووریست و گەشتیارەکان لە ڕێگەی هۆتێل، شۆفێری تاکسییەکان و هۆتێلی ئاپارتمانەکان لە باکوور، مەشهەد و تاران زۆر بە ئاسانی وەدەست دێت. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕ و وێبلاگەکان داهاتێکی زۆری هەیە یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئاسانبوونی ئاشنایەتی لە هاوسەرگیریی کاتی ە.

| "پیاوێکی تەمەن 30 ساڵان دانیشتووی مەشهەد |
|---|
| *من نزیکەی یەک دوو مانگ لەمەوبەر یەکێک لە هاوڕێکانم پێی ناساندم هاتمە ناو ئەم ماڵپەڕە تەنیا هاتم و ئیشم نەدەکرد. نەدەچوومە ناو ماڵپەڕ جارێکیان هاتم بینیم 7 ، 8 نامە و سەردان. سەیرم کرد، هێدی هێدی سەرقاڵ بووم. هاتمە ناوی و دەستم پێکرد."* |




گەنجانێک کە بە هۆی بڕی مارەیی قورس و بارودۆخی مەندی ئابووری و هەڵاوسان و نەبوونی ئاسایشی پیشە وەک ڕیگە چارەیەک هاوسەرگیریی کاتی بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن، ژنانی بەدسەرپەرشت کە بە هۆی دابین نەبوونی هەلی کار لە پێکهاتەی ئابووریی ئێراندا هاوسەرگیریی کاتی وەک بژاردەیەکی باشتر بۆ دابینکردنی دارایی خۆیان دەستنیشان دەکەن. بەدەر لە خواستە مادییەکان، خواستە سۆزدارییەکان لە هۆکارەکانی دیکەی هاوسەرگیریی کاتین.

| |
|---|
| *"ژن. 38 ساڵان. دانیشتووی ئیسفەهان. تەڵاقدراو. خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی* |
| *بێوەژن تەنهایە. بۆ ئەوەی تەنهایی خۆی قەرەبوو بکاتەوە، پێی خۆشە کەسێک لەگەڵی بێت. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر ئاستەنگی لە بەر دەم نییە، خۆ دەزانی مەبەستم چییە (ئاماژە بە نەبوونی پەردەی کچێتی) ئاسوودەترە. بە خودا گوناحیش نییە."* |

لەم توێژینەوەدا ئەزموونی هەستی تەنهایی و نەبوونی شادومانی لە ڕوانگەی ژنان و ئەزموونی هاوسەرگیریی ناسەرکەوتوو لە ڕابردوودا، ناڕەزایەتی هاوسەرەکان و نەبوونی لێکتێگەیشتن لە ڕوانگەی پیاوانەوە، وەک هۆکاری سەرەکی هاوسەرگیریی کاتی ناسێنراوە. تەڵاقی سۆزداریش یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان و پیاوان خواستەکانی خۆیان بۆ وێنە خواستی سۆزداری و سێکسی لە دەرەوەی ماڵ دابین بکەن. نەبوونی لێکتێگەیشتن لەگەڵ هاوسەر و تەڵاقی سۆزداری لە ناو پیاوان وای کردووە ئەوان هاوتەریب لەگەڵ هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە دەرەوەی ماڵ درێژە بە پەیوەندییەکانی دەرەوەی هاوسەرگیری بدەن. شێوازی هاوسەرگیریی نەریتی و نەبوونی ئازادی لە هەڵبژاردنی هاوسەریش دەبێتە هۆی ئەوەی پاش ماوەیەک پەیوەندیی هاوسەرەکان ڕوو لە ساردبوونەوە بکا و پیاوان لە دەرەوەی ماڵ

ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیان تێر بکەن. ڕافێعی دەڵێ نەبوونی پەیوەندی و تێگەیشتنی دوو لایەنەی هاوسەرەکان لە یەکتر، قەیرانەکانی بەساڵاچوویی یان فرەڕەنگخوازی پیاوان و هۆگریی بۆ فرەژنی لەو هۆکارە دەروونناسییانەن کە پیاوان بەرەو هاوسەرگیریی کاتی هان دەدات. ناتوانین بڵێین هاوسەرگیریی کاتی، شێوازی هەڵبژاردنی هەمیشەیی کەسەکەیە، بەڵکوو کەسەکان هاوسەرگیریی کاتی وەک بڕگەیی یان وەک پەیوەندییەکی هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ دیکەی پەیوەندییەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن. ئەو کەسانەی کە تووشی قەیرانی بەساڵاچوویی دەبن، هۆگرییەکی زۆریان بۆ وازهێنان لە پەیوەندیی فەرمی و ئەزموونی پەیوەندیی هاوتەریب هەیە. ئەوان بۆ ڕێز لێگیران، سۆز و سەرنج بۆ کەسێکی نوێ دەگەڕێن و ئەوەی لە پەیوەندییدا هەیانە بە ناتەواو، بێهیواکەرەوە و هەڵە دەزانن. لە لایەکی تریشەوە، ژنانی خۆسەرپەرشت، بێوەژن و تەڵاقدراو و ئەو ئافرەتانەی کە لە ڕابردوودا ئەزموونی توندوتیژیی خێزانی یان هاوسەرگیریی ناسەرکەوتوویان هەبووە، بۆ دەربازبوون لە تەنهایی پاش لە دەستدانی هاوسەر و بە هۆی نەرەخسانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و نەبوونی خوازبێن یان بوونی منداڵ و ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی بێوەژن و تەڵاقدراو، بەرەو پەیوەندیی کاتی و تیژتێپەر ڕاکێش دەبن. لە گرینگترین هۆکارەکانی هاوسەرگیریی کاتی دەتوانێ زەوقی بنەماڵەیی بێت. شێوازی ژیانی بنەماڵەیی و جۆری پەروەردەی کۆمەڵایەتیی منداڵەکان لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی قبووڵکردنی بڕیاری مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی ە. ئەو بنەماڵانەی کە پێشینەی بڕیاری مەحرەمێتی و نیکاحی کاتی ان هەبووە، ئەم ڕفتارەیان لە نەوەکانی دوایی خۆیاندا چەسپاندووە و نەوەی دواتریان ئەمە وەک ڕفتارێکی کۆمەڵایەتی پەسندکراو ئەنجام دەدەن. لەم توێژینەوەدا، 61/18 لە سەدی وڵامدەران وتوویانە کە لە بنەماڵەی ئەواندا پێشینەی ئەنجامدانی بڕیاری مەحرەمێتی بوونی نەبووە و 31/18 لە سەد وتوویانە کە لە بنەماڵەکانی ئەواندا ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە ڕابردوودا بووە.

سێیەمین هۆکارێک کە وەک هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی کاتی ناسێنرا، ئارەزووی سێکسی بوو. ئارەزووی سێکسی یەکێک لە ڕاکێشەرییەکان و هۆگرییە سەرەکییەکانی مرۆڤە کە دەبێ لە ڕێگەی شەرعی و یاسایی تێر بکرێت. بە جۆرێک کە ئەگەر ئەم ئارەزووە لە تێرکردندا تووشی لادان یان کێشە ببێ، کەسەکە لە حاڵەتی هاوسەنگی دەترازێنێ و نەخۆشی ڕۆحی، دەروونی و تەنانەت جەستەیشی لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە مرۆڤ هاوشێوەی دیکەی ڕەهەندەکانی ژیانی خۆی، بۆ ڕفتاری سێکسی دروست و گونجاو، هەمیشە پێویستی بە سەرچەشن و شێوازی ڕفتارە. ئەگەر هەلومەرجەکە بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی ئامادە نەبێ، تاکەکان بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیان هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێگە چارەیەک لە قەڵەم دەدەن.

| |
|---|
| *"پیاوی تەمەن 42 ساڵە، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی* |
| *پیاوێک کە پێویستی نەبێ، کاری لەم چەشنە ناکا، ڕەنگە حیزیەتی بکا، پیاو حیزیەتی خۆی هەیە. بەڵام ئەگەر تێر نەبی، دەچێت. ڕەنگە یەکێک ژنەکەی نەخۆش بێ، یان ببوورە ئەمەش دەڵێم، لەگەڵی ناخەوێ، یان لە ڕووی جەستەوە پێی ناخوا و تێری ناکا، ئەوانە هۆکارن."* |




چارتی 3. لێکبڵاوی ڕێژەی فرەیی پێشینەی بنەماڵەیی وڵامدەران لە بواری هاوسەرگیریی کاتی

بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوە، ئەو پیاوانەی کە ڕوو دەکەنە هاوسەرگیریی کاتی، تێر نەبوونی سێکسی، بێهێزی یان بێئارەزوویی هاوسەر لە سازکردنی پەیوەندیی سێکسی، نەخۆشی جەستەیی، لە زک وێستان، کەمبوونەوەی خواست و ئارەزووی سێکسی و ... ی هاوسەرەکانیان بە هۆکاری هاوسەرگیریی کاتی دەزانن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە بە شێوەی گشتی یەکێک لە هۆکارەکانی هاوسەرگیریی کاتی، تێرکردنی ئارەزووی سێکسییە. ئەم پرسە ژنانیش دەگرێتەوە. ژنان بۆ ئەوەی بە شێوەی دڵخواز ئارەزووی سێکسییان تێر بکەن و ئارەزووەکەیان دابمرکێنن، هاوسەرگیریی کاتی بە ڕێگە چارەیەکی گونجاو دەزانن.

پێکهاتەی یاسایی ئێران لە سەر بنەمای فیقهی شێعە ئامادە کراوە. بە گوێرەی ڕوانگەی شێعە، بە پێی ئایەتی 24 سووڕەتی نیساء (...فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ ... و جا لەگەڵ هەر ئافرەتێک هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ و هیچ گوناهیش نییە لە سەرتان لە کەم کردنەوەی ئەو مارەییە کە لە سەری ڕێکەوتبوون ...)[1] سیغە یان هاوسەرگیریی کاتی لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ بە ڕێگەپێدراو ناسراوە. هەروەها ئیمامانی پاک وەک ئامرازێک بۆ ڕێگری لە تەشەنەسەندنی لەشفرۆشی و زینا لە کۆمەڵگا ئەم چەشنە نیکاحەیان بە شێعەکان پێشنیار داوە. بە گوێرەی پێشنیاری ئیمامانی شێعە، هاوسەرگیریی کاتی خێری دنیا و قیامەتی بۆ کەسەکە هەیە.

---

1- وەرگێرانی کوردی قورئان تەفسیری ئاسان

| *"زانای ئایینی لە حەرەمی ئیمام ڕەزا* |
| --- |
| *حەزرەتی عەلی (س.خ) فەرموویەتی: ئەگەر عومەر سیغەی قەدەغە نەکردبا، زینایان نەدەکرد، مەگەر خراپترین کەسەکان. لە گێڕانەوەکانی ئێمەدا زۆر سفارشی کراوە. تەنانەت پیاوان و زانایانی ئێمە پێشتر هاوسەرەکانی خۆیان سیغە کردووە. هاوسەرەکان هەمیشەییەکانیان چەند ڕۆژ جارێک سیغە دەکرد، ئینجا مارەی هەمیشەییان دەکردن و ئەوە موستەحەبە کە کەسێک – بەڵام بە هۆی ڕابواردنی سێکسیش نەبێ – کەسێک سیغە بکات. ڕێگەپێدراوە و کێشە نییە."* |




چارتی 4. لێکبلاویی ڕێژەی فرەیی پابەندێتی ئایینزایی وەڵامدەران لە ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیریی کاتی

زانایانی ئایینی و ڕەخنەگرانی سیاسی هاوسەرگیریی کاتی بە مەبەستی ڕێگری لە کۆمۆنیزم و ڕەبەنایەتی بۆ پیاوان و ئافرەتان تەڵاقدراو یان بێسەرپەشت پێشنیار دەکەن و بنەمای ئایینی بۆ دەهێننەوە. لە مادەی 1075ـی یاسای مەدەنی، هاوسەرگیریی کاتی لە یاساکانی ئێراندا بە فەرمی ناسراوە. مەرج و بنەمای بنەڕەتی نیکاحی قۆناغی (هاوسەرگیری کاتی) هەمان بارودۆخی دروستی نیکاحی هەمیشەییە لەگەڵ دیاریکردنی ماوەی دیاریکراو و دیاریکردنی بڕی مارەیی دیاریکراو بۆ ئافرەت. ئاستەنگەکانی بەر دەم هاوسەرگیریی کاتیش هەمان ئاستەنگەکانی بەر دەم هاوسەرگیریی هەمیشەییە. لەو ڕووەوەی کە هاوسەرگیریی کاتی لە یاسای مەدەنی و پشتیوانی لە بنەماڵەی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە یاسایی و ڕەوا ناسراوە، دەتوانین ئەم یاسایانە وەک هۆکاری کاریگەری هاوسەرگیریی کاتی بێنینە هەژمار. سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕوانگەی جۆراوجۆری یاساییەوە باس لە بنەما و ڕێساکانی هاوسەرگیریی کاتی کراوە؛ دیمانەکان ئەوە پیشان دەدەن کە بەشداربووان و تەنانەت زانایانی ئایینی لە ناوەڕۆکی یاسایی هاوسەرگیریی کاتی زانیاری وردیان نییە. هەڵبەت لە هەندێ لە بەشەکان، یاسادانەر بە هۆی کێشەی کارگێری، بێدەنگی هەڵبژاردووە و بۆتە هۆی سەرلێشێواوی ئەو کەسانەی کە ئامادەی هاوسەرگیریی کاتین. بەڵام بەم وەسفانە، بەشداربووان لە ناوەڕۆکی یاسایی هاوسەرگیریی کاتی زانیاری وردیان نەبوو. لە لایەکی دیکەشەوە، ناوەڕۆکی یاسایی هاوسەرگیریی

کاتی بوار بۆ بەردەوامیی ئەم چەشنە نیکاحە لە کۆمەڵگادا خۆش دەکات. بۆ وێنە لە یاسادا هاتووە کە ماوەی سیغە بە شێوەی کاتی و دیاریکراوە (مادەی 1076 یاسای مەدەنی). هەروەها لە باسی میرات وەرگرتن، یاسادانەر میرات بە مافی ژنی هەمیشەیی دەزانێ و بۆ ژنی سیغە میرات ڕەچاو ناکات (مادەی 940 یاسای مەدەنی). ژن مافی نەفەقەشی نییە و لە هەڵوەشانەوەی نیکاحی سیغە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ماوە یان بەخشینی ماوە لە لایەن پیاو یان مردنی پیاو نیکاح کۆتایی پێ دێت، واتە بە پێچەوانەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، تەڵاق بوونی نییە (مادەی 1139 یاسای مەدەنی).

| |
|---|
| *"پیاو. 35 ساڵان. دانیشتووی تاران. ژن بەجێهێشتوو* |
| *هەرچییەک بێ، دەتوانین لێک جیا ببینەوە. بەرپرسایەتیت لە گەردن نییە. ناچار نیت بۆی بمری، ژیانت بفەوتێت. ئەمە باش نییە؛ بەڵام بۆ ئێمەمانان زۆریش خراپ نییە. زەحمەت لە خۆت ناکەی. من بریندارم، هەر ئەوەم بەسە کە هیوام لە سەر کەس هەڵناچنم."* |

بێگومان یاساکان وەک لانیکەمییە ئەخلاقییەکان کە بە دواداچوونی یاساییان هەیە، دەتوانن وەک کارتی فشار یان ئاسانکەرەوە بە کار بهێنرێن. سنوورە یاساییەکان دیاری دەکەن کە کارکردی تاکەکان بە بەراورد لەگەڵ سنوورەکان چ پێگەیەکیان هەیە و دەشێ و ناشێکان بە پێی چ بنەماگەلێک دەبێ ئەنجام بدرێ و چ سزاگەلێک بۆ لادان لەم بنەمایانە بوونی هەیە. وەک بینرا، هاوسەرگیریی کورتخایەن و ئاسان و ماوە دیاریکراو، تەڵاقی ئاسان و نەدانی نەفەقە و میرات بارودۆخێک دێنێتە ئاراوە کە تاکەکان، بەتایبەت پیاوان، هاوسەرگیریی کاتییان لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی پێ باشتر بێت. بەڵام لە بەرامبەردا، پرۆسەی تەڵاق لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی، درێژخایەنە و بە دواداچوون بۆ مارەیی و سەرپەرشتی منداڵەکان و ... کاتگر و تاقەتپڕووکێنە.

بەدەر لەو بابەتانەی کە وترا، نەبوونی شەفافییەتی ئایینی و یاسایی لە دیاریکردنی لانیکەمە تەمەنییەکان بۆ ئەنجامدانی سیغەی کاتی دەبێتە هۆی ئاسانبوونی هاوسەرگیریی پێشوەختە. بە گوێرەی مادەی 1041ـی یاسای مەدەنی، نیکاحی کچ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 13 ساڵی تەواو و کوڕ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 15 ساڵی تەواوی هەتاوی، پەیوەست بە ئیزنی سەرپەرشت بە مەرجی ڕەچاوکردنی مەسڵەحەت بە لێکدانەوەی دادگایەکی شیاوە. بنەماڵە نەریتی و ئایینپەروەرەکان بە مەبەستی ئاشنابوون بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی، دووری لە تاوان و زەحمەتی کۆمەڵایەتی، بڕیاری مەحرەمێتی کە هەمان هاوسەرگیریی کاتییە و لە ڕووی ڕەهەندی شەرعی و یاساییەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مەتعە نییە، تەنانەت لە تەمەنی کەمتر لە تەمەنی یاسایی ڕۆڵەکانیان سیغە دەکەن. لەم ماوەی دواییدا لە شاری مەشهەد بە هاتنی دادستێن ڕێگری لە هاوسەرگیریی کچۆڵەیەکی تەمەن 9 ساڵە لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن کرا. بەستێنی یاسایی و ئایینی کە لەم پەیوەندییەدا بوونی هەیە بەستێن بۆ منداڵهاوسەری و خۆشڕابێریخوازی دەڕەخسێنێت.

| |
|---|
| *"خانمێکی 22 ساڵە، هاوسەردار، دانیشتووی مەشهەد* |
| *لە تەمەنی 12 ساڵاندا لە مێردەکەی مارە کراوە دەڵێ: تۆ بڵێ مرۆڤ لەم تەمەنەدا چی لێ حاڵییە؟ ڕۆژێکیان لە قوتابخانە دەهاتمەوە وتیان دەبێ شوو بەم پیاوە بکەی. چیتر نەگەڕامەوە بۆ قوتابخانە. من دەڵێم کەمێک گەورە بی. زمانی پیاوان بە لاتەوە درێژە. هەتا منداڵی چی وت دەبێ بە گوێی بکەیت."* |

بڕیاری مەحرەمێتی چ لە ڕوانگەی یاساییەوە بە دیاریکردنی تەمەنی لانیکەمی ژێر 13 ساڵ و چ لە ڕەهەندی ئایینییەکەیەوە ئەوەی کە لە لایەن بنەماڵە نەریتییەکانەوە ئەنجام دەدرێ، منداڵ‌هاوسەری لێ دەکەوێتەوە. بنەماڵە نەریتییەکان بە گوێرەی پێگەی ئایینی خۆیان لە کۆبوونەوە نهێنییەکاندا ڕۆڵە منداڵ و مێرمنداڵەکانی خۆیان مارە دەکەن، بە بێ ئەوەی تۆماری بکەن و یان ئەوەی کە دەستەبەرییەک لە گۆڕدا بێت. کاتێک کچان و کوڕانی منداڵ و مێرمنداڵ لە ژێر ناوی بڕیاری مەحرەمێتی لێک مارە دەکرێن ئەوە دەبنە ژن و مێرد. لە ئەگەری پەیوەندیی سێکسی، پاش ماوەیەک بە شێوەی هەمیشەیی هاوسەرگیری دەکەن. واتە بڕیاری مەحرەمێتی لە چوارچێوەی شەرعیدا پەیوەندیی سێکسی مومکین دەکا و هەر ئەمە هاوسەرگیریی منداڵان ئاسان دەکاتەوە. منداڵان و مێرمنداڵان لەم تەمەنەدا لە هەموو چەشنە باڵقبوونی هزری، ئابووری و کۆمەڵایەتی بێبەریین و دەبێ لە لایەن بنەماڵەکانەوە کۆنترۆڵ و چاودێری بکرێن کە ئەمە خۆی ناکۆکی و شەڕ و هەندێ کێشەی بنەماڵەیی لێ دەکەوێتەوە.

نەبوونی توانای بەڕێوەبردنی ماڵ و بەڕێوە بردنی ژیانی بنەماڵەیی، تێکهەڵچوون و کێشە و ئاریشەی بنەماڵەیی تەنیا دەرهاویشتەکانی بڕیاری مەحرەمێتی لە تەمەنی منداڵیدا نییە. کۆنترۆڵی توند لە لایەن بنەماڵە و پێشێل کردنی ئازادییە تاکایەتییەکان، دووگیان بوونی نەخوازراو و زیانی جەستەیی، وازهێنان لە خوێندن لە سەرەکیترین دەرکەوتەکانی بڕیاری مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی پێشوەختەی ژێر تەمەنی 18 ساڵانە کە لە ناو شیکارییە وردەکانی دیمانەدا بە ڕوونی بەر چاو دەکەوێت.

| |
|---|
| *"ئافرەت. دانیشتووی مەشهەد، هاوسەردار کە لە تەمەنی 11 ساڵاندا بڕیاری مەحرەمێتی بە تاقی کردۆتەوە.* |
| *ئێمە خۆمان کێشەمان نەبوو؛ بەڵام گەورەکان بە شەڕیان دەداین. کاتێک هاتمە سەر ماڵ، بە هۆی ئەوەی تەمەنم کەم بوو، زۆر گوێڕایەڵی مێردەکەم نەبووم، پاشان بە ئامۆژگاری دایکم و کەسانی تر باشتر بووم."* |

وەک بینیتان پەیوەندیی هاوسەردارێتی و هاوسەرگیریی پێشوەختە لە چوارچێوەی بڕیاری مەحرەمێتیی منداڵان و مێرمنداڵان بە مەبەستی کۆنترۆڵی ڕفتاری سێکسییان لە لایەن بنەماڵەوە ئەنجام دەدرێ و لێکەوتەی وەکوو ناکۆکیی خێزانی، تێکهەڵچوون، خەسارەتی جەستەیی، ڕۆحی و وازهێنان لە خوێندنی لێ دەکەوێتەوە و ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە بڕیاری مەحرەمێتی بووەتە هۆی هاوسەرگیری. بەڵام لە حاڵەتێکدا کە بڕیاری مەحرەمێتی ببێتە هۆی دڕانی پەردەی کچێتی و بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی کۆتایی پێ نەیەت ئەوە خەسارەتی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتیی خراپتری بە دواوەیە.

لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی ڕەهەندی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت. بە پێی شیکاریی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە دەتوانین ئاماژە بکەین بە فاکتەرگەلی وەکوو هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان، ناو و ناتۆرە، گومانخوازی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی، داڕمانی بنەماڵەکان، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و ... . سەردەمانێک منداڵان لە تەمەنی کەمدا لێک مارە دەکران تەنانەت سەرباری ڕەزامەندیی منداڵ لێکەوتەی تایبەتی وەکوو منداڵخستنەوەی پێشوەختە و یان وازهێنان لە خوێندنی بە دواوە بوو.

لە هاوسەرگیریی کاتی جۆرێک هەڵاواردنی ناڕەوا لە دژی ئافرەتان بوونی هەیە. باجی تاراندنی کۆمەڵایەتی لە نیکاحی کاتی بۆ ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوان زیاترە و ئافرەتان بە هۆی قێزەون بوونی سیغە زیاتر دەبنە قوربانی ڕوانگەی نەرێنی. هەر بۆیە لەو کاتانەیدا کە پیاوان، ژنانی سیغە ئازار دەدەن؛ ژنان ئامادە نین بە دواداچوونی بۆ بکەن. لە ڕاستیدا ژنان وایان پێ باشترە تابشتی ئازاری جەستەیی و دەروونی بێنن؛ بەڵام سکاڵا تۆمار نەکەن بۆ ئەوەی ناو و نیتکەی سیغەییان لێ نەدرێت. ئەم ڕاستییە، بەڵگەیەکی ترە بۆ هەڵاواردن لە دژی ژنان کە لە کاتی دیمانە لەگەڵ کارناس و ڕاوێژکاری بنەماڵە ئەم بابەتە پشتڕاست کرایەوە:

| |
|---|
| *"کارناسی یاسایی، دانیشتووی مەشهەد* |
| *پرۆسەکە ئەوەندە کاتگرە کە لێخۆشبوون دەردەکرێت. سزاکان بۆ وەها کردەوەیەک شیاو نییە. بە هۆی ئەوەی من بۆ خۆم بینیومە کە ئەم لێدان و بریندارکردنانە بووەتە هۆی کەمئەندامبوونی ژن."* |

هەروەها سزا یاساییەکانی پەیوەست بە ناکۆکی و ئەو توندوتیژییانەی کە لە هاوسەرگیریی کاتیدا دژ بە ژنان دەسەپێنرێ بە هۆی درێژخایەنبوونی پرۆسەی بە دواداچوونی یاسایی، بە شێوەی کردەیی پێناسە نەکراوە. کارناسانی یاسایی لە دیمانەکاندا ڕایانگەیاندووە کە زۆرێک لە ژنانی سیغەکراو بە هۆی زیانی ئابووری و هەروەها ئازاری جەستەیی سەردانی ناوەندە یاساییەکان و پارێزەرانیان کردووە؛ بەڵام وەک وترا بە هۆی درێژخایەنبوونی پرۆسەی یاسایی سەلماندنی ئیدعا و سزا کەمەکانی، ژنان لە سکاڵای خۆیان پاشگەز دەبنەوە و لە سەندنەوەی مافی خۆیان چاوپۆشیان کردووە.

تاکایەتی، مەلەوەربوونی پەیوەندییەکان و بێمتمانەیی لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە. کردەوەی کۆمەڵایەتی وەکوو هاوسەرگیریی کاتی لەگەڵ ئەم چەشنە ڕفتارانەی کۆمەڵگای مۆدێرن یەک دەگرنەوە. تاکەکان بە ئەستەم دەتوانن متمانە بە یەکتر بکەن و لە ئاراستەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی هەنگاو بنێن. لە پەیوەندیی بێژومار لەگەڵ ژنانی سیغە و سیغەی پەیتا پەیتا جۆرێک لەبەرچاوکەوتن و بێمتمانەیی و گومانخوازی بەرامبەر بە ژنان بەدی دەکرێ و ئەگەر خواستێک بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی بوونی هەبێ، بە هۆی بێژوومارбوونی پەیوەندییەکان ئەم خواستە نامێنێت. جیا لەوە، هەندێ لە کەسەکان، ڕوانگەیەکی ئەرێنیان بەرامبەر بە هاوسەرگیریی کاتی هەبوو، مەتعەیان بە جۆرێک هاوسەرگیریی تاقیکاری و دەرفەتێک بۆ وەدەستهێنانی ئامادەیی بۆ ژیانی هەمیشەیی لە قەڵەم دەدا. ناڕەزایەتی لە ژیانی هاوسەرێتی وای کردووە کە هەندێ لە پیاوان لە بری چارەسەرکردنی کێشە لە ناو بنەماڵە ڕوو لە دەرەوەی ماڵ بکەن و هاوسەرگیریی

کاتی هەڵبژێرن کە کۆڵەکەی بنەماڵە لەق دەکا، کارکردە سەرەکییەکەی پەک دەخا و تەندروستیی تاک، خانەوادە و کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە. ئەم بێمتمانەیی و لەقبوونی بنیاتی بنەماڵە و شک و گومانانە ئەگەرچی لە تایبەتمەندییە حاشاهەڵنەگرەکانی سەردەمی مۆدێرنن بەڵام کردەوگەلی وەکوو هاوسەرگیریی کاتی بۆتە هۆی ئاسانبوونی ئەم چەشنە خەسارەتانە.

هاوسەرگیریی کاتی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئایینی و یاساییە کە ڕەواداری و قبووڵکرانی لە سەردەمە جیاجیاکانی مێژوودا جێی کێشمەکێش بووە. لایەنگرانی، هاوسەرگیریی کاتی وک هۆکارێک بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە هەمبەر لەشفرۆشی و پەیوەندیی سێکسیی ناشەرعی دەزانن و هەندێکیش بە هۆکاری فرەڕەنگ‌خوازی پیاوانە و تەشەنەسەندنی لەشفرۆشی و گەندەڵی لە کۆمەڵگا سەیری دەکەن. لەگەڵ هەموو بیر و ڕا جیاوازەکان کە سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی بوونی هەیە، ئەوەی لەم توێژینەوە دەتوانین وەدەستی بێنین ئەوەیە کە بە ئاوڕدانەوە لە پاساوی ئایینی و یاساییەکەی لە کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێرانی دیاردەی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی ڕووی لە هەڵکشانە و ئەمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییەکانی ئەم قۆناغە زەمەنییەی کۆمەڵگای ئێران. دواخستنی تەمەنی هاوسەرگیری هەموو ساڵێک زیاتر دەبێ و هەموو ساڵێ ڕێژەی ئەو ژن و پیاوانەی کە لە دەکەونە سەڵتیی هەمیشەیی، زیاد دەبێت.[1] هۆکاری ئەم دواخستنی تەمەنی هاوسەرگیرییە و هەڵکشانی ڕێژەی سەڵتیی هەمیشەییە دەگەڕێتەوە بۆ: هەلومەرجی دژواری ئابووری و مەندیی ئابووری، گەشەکردنی تاکایەتی و سەربەخۆخوازی و هەڵنەگرتنی بەرپرسایەتی گشتی و پێ باشتربوونی پەیوەندیی کورتخایەن، بێمتمانەیی و ئینتمای کۆمەڵایەتی و هەڵکشانی ئاستی خوێندەواریی ژنان و چوونیان بۆ بەستێنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و بەرزبوونەوەی ڕادەی چاوەڕوانی. کەواتە ڕەوتی ڕوو لە پەرەسەندنی ڕێژەی هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی کە بمانهەوێ یان نەمانهەوێ لەگەڵ بارودۆخی لە حاڵی تێپەڕینی ئێران یەکسانە و لە ڕووی ئایینی و یاساییەوە ڕەوایە، بە لای هەندێک کەسەوە پاساودارە. بەڵام هەلومەرجی ئاڵۆزی یاسایی و ئایینییەکەی و کێشە یاساییەکانی وەکوو مەرجەکانی تۆمارکردنی نیکاح، نەفەقە، هەڵوەشانەوەی نیکاح، عەدە و هەروەها لێکەوتە نەرێنییەکانی دەبێتە هۆی لەقبوونی بنیاتی بنەماڵە، تەشەنەسەندنی گەندەڵی و لەشفرۆشی، نەخۆشی نزیکی، منداڵ‌هاوسەری و ...، پێویستی بە ڕێکخستنی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییەیە. کەواتە دەبێ دەزگای یاسادانان، دەزگای جێبەجێکار و دەزگای داد و هەروەها ڕێبەرانی مەزنی تەقلید بە هاوکاری مامۆستایانی زانکۆ، ڕاوێژکارانی بنەماڵە و کارناسانی یاسا و چالاکڤانانی مافە مرۆییەکان ئەم بابەتە تاوتوێ بکەن و ئامادەکاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی کەمایەسییەکانی لە سۆنگەی یاسایی، ئایینی و کۆمەڵایەتی گەلاڵە و جێبەجێ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، بە ئاوڕدانەوە لە لێکۆڵینەوەی گشتگیر و مەیدانی و دیمانە بێژمارەکان لەگەڵ ئەو بەشداربووانەی کە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییەیان تاقی

**1- بە پێی ڕاپۆڕتی ناوەندی ئاماری ئێران، سەڵتیی هەمیشەیی هەتا بەر لە ساڵی 1375 لە نەوەستان و ڕاژاندا بوو؛ بەڵام پاش ئەم ساڵە ڕەوتی هەڵکشانی گرتە بەر. بە پێی لێکدانەوەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، سەڵتی هەمیشەیی لە ساڵی 1375 بۆ پیاوان نزیکەی 1.1 لە سەد و بۆ ئافرەتان 1.2 لە سەد بووە. ڕەوتی ڕوو لە زیادبوونی سەڵتیی هەمیشەیی لە ئافرەتان زیاتر لە پیاوانە؛ بە جۆرێک کە لە ماوەی ساڵانی 1375 هەتا 1395 ئەم پێوەرە بۆ پیاوان نزیکەی دوو هێندە بۆتەوە، بەڵام بۆ ئافرەتان گەیشتووەتە پتر لە سێ قات.**

کردۆتەوە و هەروەها بە پێی ڕاوێژکاری و وتووێژ کردن لەگەڵ کارناسانی ئایینی، یاسا و بنەماڵە، بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە ڕێگە چارەکانی ژێرەوە پێشنیار دەکرێ:

**1) یاسادانان بۆ زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی کاتی و بڕیاری مەحرەمێتی بۆ تەمەنی 15 ساڵان**

مادەی 1041ـی یاسای مەدەنی لە مەڕ تەمەنی یاسایی هاوسەرگیریی دەڵێ: «نیکاحی کچان بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 13 ساڵی تەواوی هەتاوی (لە نۆ ساڵان) و کوڕان بەر لە تەمەنی 15 ساڵی تەواوی هەتاوی پەیوەستە بە ئیزنی سەرپەرشت بە مەرجی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بە لێکدانەوەی دادگای شیاو. ئەم یاسایە هاوسەرگیریی کاتیش دەگرێتەوە. بەڵام بڕیاری مەحرەمێتی لە تەمەنی کەمتر لەو تەمەنەی کە باس کرا لە یاساشدا ئەنجام دەدرێت؛ چوونکە لە چوارچێوەی ئایینی و بە نهێنی و بە بێ تۆمارکردنی فەرمی ئەنجام دەدرێت. بەو پێیەی هەوڵی چالاکڤانانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مەبەستی چاکسازی لە یاسای هاوسەرگیریی کچان، بۆ تەمەنی 15 ساڵانە پێشنیار دەکرێ یاسای تەمەنی بڕیاری مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی بۆ تەمەنی 15 ساڵان بەرز بکەنەوە.»

**2) تۆمار کردنی فەرمی و یاسایی بڕیاری مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی لە نووسینگەکانی تەڵاق و هاوسەرگیری**

لە ئێستادا مادەی 645 یاسای سزای ئیسلامی، تۆمارنەکرانی نیکاحی هەمیشەیی، بۆ ژن و مێرد وەک تاوان لە قەڵەم دەدات. هەوەها بە پێی مادەی 21ـی یاسای پشتیوانیی بنەماڵە پەسندکراوی 1391، لە ئەگەری دووگیانی و ڕێککەوتنی لایەنەکان، هاوسەرگیری تۆمار دەکرێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ بڕیاری مەحرەمێتی، هیچ یاسایەک دانەبەزێنراوە. واتە ئەگەر هاوسەرگیریی کاتی و بڕیاری مەحرەمێتی کە ناوەڕۆکی جیاوازییان هەیە، بە یەکسان بزانین هاوسەرگیریی منداڵان و مێرمنداڵان تەنیا لە حاڵەتی دووگیانبوونیان تۆمار دەکرێت! نووسەر کە بە بێ ڕوانگەی لاگرانە و تەنیا بە ئاراستەی زانستی و خەڵکناسی بابەتەکانی لێک داوەتەوە، لەو بڕوایەدایە کە تۆمارکردنی یاسایی بڕیاری مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی دەبێتە هۆی دەستپێگەیشتن بە خزمەتگوزاریی مافە سەرەتاییەکان و مافی لایەنەکان لەم پەیوەندییە هاوسەرێتییەدا زێدەتر دەپارێزرێ؛ چوونکە تۆمارنەبوونی دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە مافەکانی هەر دوو هاوسەرەکان بەتایبەت ژنان پێشێل بکرێت. خوتبەی مارە بڕینی کاتی یان بڕیاری مەحرەمێتی بە جۆرێکە کە بە شێوەی نهێنیش دەتوانرێ ئەنجام دەدرێ، کەواتە پێشنیار دەکرێ لە نووسینگەکاندا تۆمار بکرێ و لانیکەم بە بەشداریی دوو شایەتحاڵ مارە بکرێن و پیاو نەتوانێ لە یەک کاتدا زیاتر لە سیغەیەک ئەنجام بدات بۆ ئەوەی لە سۆنگەی یاساییەوە بتوانرێ بە دواداچوون بۆ لێکەوتەکانی بکرێت.

**3) ناچاری و بێبەرامبەر بوونی خوێندن**

لە بڕیاری مەحرەمێتی کە بنەماڵە نەریتی و ئایینییەکان بۆ منداڵان و مێرمنداڵانی ئەنجام دەدەن، مەرجی نەبوونی پەیوەندیی سێکسی یەکێک لە بنەما پەسندکراوەکانە. ئەگەرچی لە ڕوانگەی شەرعی هیچ پێگەیەکی نییە و لەگەڵ ئەنجامدانی سیغەی مەحرەمێتی، پەیوەندیی سێکسی ڕێگەپێدراوە. ئەو مێرمنداڵ و منداڵانەی کە لێک مارە دەکرێن لە ئەگەری دووگیانبوون و پەیوەندیی سێکسی، پاش کەمێک مارەی هەمیشەیی دەکرێن.

لە گرینگترین لێکەوتەکانی بڕیاری مەحرەمێتی، بێ‌هۆگریی بۆ خوێندن و وازهێنان لە خوێندنە. ناوەندە یاساییەکان و پەروەردە و ڕاهێنان بە پێویستکردنی خوێندنی زۆرەملێ هەتا تەمەنی 18 ساڵان و قۆناغی دیپلۆم و لە هەمان کاتدا بەو ڕاهێنانەی کە لە قوتابخانەکاندا بە قوتابیان و بنەماڵەکانیان دەدرێ دەتوانن بڕیاری مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی بخەنە دواوە.

### 4) ڕاوێژی یاسایی و تەندروستی لە بڕیاری مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخەن کە زانیاری یاسایی ئەو کەسانەی کە ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتییان بووە، زۆر کەمە و ئەم بابەتە ژنان تووشی کێشەگەلی وەکوو بە جێهێشتنی هاوسەر (ژن) بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی سیغە بە بێ پێدانی ماوە دەکات. بەڵام ئەگەر هاوسەرگیریی کاتی لە نوسینگەکاندا تۆمار بکرێ، ڕاوێژکاریی یاساییش پێشکەش بکرێ لایەنەکان لە هاوسەرگیریی کاتیدا بە تەواوەتی لە مافەکانی خۆیان ئاگادار دەبن و بواری پێشێلکردنی مافی تاکەکان سنوردارتر دەبێتەوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هاوسەرگیریی کاتی مەرجێکی وەکوو ڕاگرتنی عەدەی هەیە. واتە ژن دەبێ چاوەڕێ بکا بۆ ئەوەی ماوەی عەدەکەی کۆتایی پێ بێ (کە 45 ڕۆژە) و پاش ئەوە ببێتە سیغەی پیاوێکی دیکە. بەڵام لە ئێستادا شایەتی جۆرەکانی هاوسەرگیریی کاتین کە پیاوانی دەوڵەمەند و زەنگین، ژنانی خوازیاری سیغە بە بێ ڕەچاوکردنی عەدە، بۆ چەندین جار سیغە دەکەن و ئەم نەریتە بووەتە جۆرێک سەرچاوەی داهات بۆ ژنان و ڕابواردن بۆ پیاوە هەوەسبازەکان. لێرەدا دووگیانبوونی نەخوازراو، لە باربردنی کۆرپەلە، نەخۆشی نزیکی بەدی دێ کە ئەوەش بە هۆی ناوشیاری سەبارەت بە پرسە تەندروستییە سێکسییەکانە. کەواتە ئەو هاوسەرانەی کە هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی دەکەن دەبێ سەردانی ناوەندەکانی تەندروستی بکەن و لە بنەماکانی پێشگیری و تەندروستیی سێکسی بە ئاگا بن و بۆ ئەو ژن و پیاوانەی کە پێشینەی هاوسەرگیریی کاتیان هەیە کارتی تەندروستی دەربکرێت.

### 5) مەرجدارکردن و سنووردارکردنی یاسایی سیغە / هاوسەرگیریی کاتی

بەو پێیەی کە بە گوێرەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە بە گشتی هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ تێرکردنی هەمەچەشنخوازیی پیاوان و ڕێگەی بەکارهێنانی کاڵایانەی ژنان بووە؛ پیاوانێک کە خێزاندارن و بۆ تێرکردنی هەمەچەشنخوازیی خۆیان ڕوو دەکەنە هاوسەرگیریی کاتی. پێشنیاری دەکرێ هاوسەرگیریی کاتیش پەیوەست بکرێتەوە بە ڕەزامەندیی هاوسەرەکان و پیاو (هاوسەردار و سەڵت) نەتوانێ لە یەک کاتدا پتر لە ژنێک سیغە بکا. ئەم مەرجدارکردنی یاسایە دەبێتە هۆی ڕێگری لە کەڵکاوەژوویی شەرعی لەم یاسایە. لە لایەکی تریشەوە هاوسەرگیرییە کاتییەکان لە ڕووی زەمەنییەوە بۆ سەر کورت‌ماوە، ناوەندماوە و درێژماوە دابەش دەبێت. پێشنیار دەکرێ کاتی هاوسەرگیریی کاتی بە شێوەی یاسایی، مامناوەندماوە ڕەچاو بکرێ و ئەگەر داوا کرا درێژ بکرێتەوە. چوونکە لە حاڵەتی کورتخایەندا جۆرێک تەشەنەسەندنی لەشفرۆشی و بێڕەوشتییە و لە حاڵەتی درێژماوەدا لە ئەگەری نەبوونی لێک‌تێگەیشتن، بۆ ژنان کە مافی هەڵوەشاندنەوەیان نییە، ئازاربەخشە.

**6) یاسادانان لە بواری نەفەقە و مافی هەڵوەشانەوە بە قازانجی ژنان لە هاوسەرگیریی کاتیدا**

بەو پێیەی کە لە هاوسەرگیریی کاتیدا جۆرێک نایەکسانیی یاسایی بوونی هەیە و ژنان لە هاوسەرگیریی کاتیدا لە چاو هاوسەرگیریی هەمیشەیی ڕووبەڕووی نایەکسانی زێدەتر دەبنەوە، پێشنیار دەکرێ کۆمەڵێ یاسا ئامادە و ڕێک بخرێ کە ئافرەتان لە هاوسەرگیریی کاتیدا لە مافی نەفەقە سوودمەند بن؛ چوونکە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە دەریدەخا کە زۆر ژن بە مەبەستی ڕەواندنەوەی خواستە مادییەکان مل بە هاوسەرگیریی کاتی دەدەن؛ لە حاڵێکدا کە یاسا، نەفەقە لە هاوسەرگیریی کاتی بە مافی ژنان نازانێت. هەروەها مافی هەڵوەشانەوەش دەبێ وەکوو هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە ئەگەری زەخت و تەنگانە بدرێ بە ئافرەتان بۆ ئەوەی لەو حاڵەتانەی کە ژنان ڕووبەڕووی زیان یان توندوتیژی دەبنەوە و درێژەدان بە ژیان لەگەڵ هاوسەرەکەیان بە نامومکین دەزانن بتوانن بە شێوەی تاکلایەنانە هاوسەرگیریی کاتی هەڵبووەشێنێتەوە.

**7) باشتر کردنی بارودۆخی ئابووری، هەلی کار و کارخولقێنی**

لە شیکاریی دیمانەکاندا، حاڵەتی بێژومار لەو ژن و پیاوانەی کە ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتیان بووە هۆکاری ملدان بە هاوسەرگیریی کاتیان لە نەبوونی کار و بارودۆخی ئابووریی لاواز دەزانی. بەدەر لەوە، لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێراندا ڕێژەی بەشداریی ئابووریی ژنان کەمترە و ئەم دۆخە، هەژاری و بارودۆخی خراپی ئابووریی ژنان تۆختر دەکات. کەواتە پێشنیار دەکرێ ڕێکخراوەگەلی وەکوو وەزارەتی کار و هەرەوەرزی، شارەوانییەکان، وەزارەتی پیشە و کانزا و ... بە دابینکردنی هەلی کار و لە ڕێگەی کارخولقێنی هەلی کار بڕەخسێنن بۆ ئەوەی بارودۆخی ئابووریی گەنجان بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی دابین ببێ و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێژەی بەشداریی ئابووریی ژنان بەتایبەت ژنانی خۆسەرپەرشت زیاد بکرێ بۆ ئەوەی لە ملدان بۆ هاوسەرگیریی کاتی بە هۆی هەژاریی ئابووری و بێکاری پاشگەز ببنەوە.

**7) دەوری زانایانی ئایینی وەک فاکتەری گۆڕینی بێچمی هاوسەرگیریی کاتی لە ئێران**

زانایانی ئایینی وەک یەکێک لە گرینگترین فاکتەرەکانی گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە ئێران دەتوانن بە دەرکردنی فتوایەکی شەرعی و شرۆڤەی فەلسەفەی ڕاستەقینەی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی، خەسارەتەکانی ئەم چەشنە پەیوەندییە کەم بکەنەوە. هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی بە مەبەستی ڕێگری لە لەشفرۆشی و بێئەخلاقی ئامادە کراوە؛ بەڵام لە کۆمەڵگای ئەوڕۆیی بە هۆکارگەلی جیاواز وەکوو بێدەنگیی یاسا، هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی کە بە شێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێ لێکەوتەگەلی وەکوو لەدایکبوونی منداڵی نەخوازراو، لە باربردنی کۆرپەلە بە شێوەی نایاسایی و ناتەندروست، تەشەنەسەندنی لەشفرۆشی، ئاسانکاری بۆ منداڵهاوسەری، سستکردنی بنیاتی بنەماڵە و ...ی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە بێچم و ڕەواڵەتی هاوسەرگیریی کاتی لە ناوەڕۆک و ئامانجەکەی دوور کەوتۆتەوە. بەو پێیە فتوای شەرعی زانایانی ئایینی لە سەر بنەمای تۆمارکردنی فەرمی هەر هەموو هاوسەرگیرییە کاتییەکان لە نووسینگە یاساییەکانی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی و تەڵاق لە گرینگترین فاکتەرەکانی هەرچی کەمترکردنەوەی لێکەوتە نەرێنییەکانی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتییە.

## 8) بەستێنسازیی کەلتووری و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی میدیا گشتییەکان و ئێنجیئۆکان

وشیارکردنەوە و ڕاهێنان یەکێک لە کاریگەرترین فاکتەرەکان لە بواری ڕێگری لە خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانە. میدیا گشتییەکانی وەکوو میدیای نیشتمانی، هەواڵدەرییەکان، گۆڤارەکان و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی پیشاندانەوەی خەسارەتەکانی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتیی بێتۆمارکردنی یاسایی و هەروەها زیانیاریبەخشین مەرجە یاساییەکانی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی دەتوانن لێکەوتەی نەرێنی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی کەم بکەنەوە. هەروەها ئێن جی ئۆکانی وەکوو ئەنجومەنەکانی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان و ژنان دەتوانن لە بواری ئاگادارکردنەوە و ڕاهێنانی بنەماڵەکان دەورێکی بەرچاویان هەبێ کە هەڵبەت ئەمە پێویستی بە هاوکاری ناوەندە دەوڵەتییەکانە. لە لایەکی تریشەوە لەم ساڵانەی دواییدا سینەماکاران و سلێبریتییەکانیش لە کاروباری کۆمەڵایەتی دەورێکی بەرچاویان هەبووە و لە حاڵەتگەلێکی وەکوو ئازاراندنی سێکسی منداڵان و ژینگە توانیویانە لە ڕێگەی فیلمسازی، لاپەڕەی ئەنتەرنێتی (ئینستاگرام و توویتەر) لە بواری ئاگادارکردنەوە و زانیاریبەخشین داپەڕی کاریگەریان هەبێت. لەم بوارەدا، هونەرمەندان بە بەرهەمی هونەری و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بە بابەتێتی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی لە ئێنجیئۆکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە کەمکردنەوەی هەندێ لە لێکەوتە نەرێنییەکانی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی دەورێکی تۆختریان هەبێت.

## سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر، براوەی خەڵاتی «نامووس» لە زانکۆی یاسای لەندەن لە بنیاتی مافەکانی ژنان (IKWR) و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانی ئاشتی بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیکەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی (جێندەر) و منداڵان بووە. وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** (ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ داب و نەریتی مزۆپۆتامیا)؛ Etkim press (Istanbul, Turkey 2009)

-**بە ناوی نەریت** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) کە لە لایەن Uncut Voices Press- Frankfurt و وەشانخانەی شیرازە چاپ کراوە؛

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛

- **ماڵێک لە سەر ئاو** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە / هاوسەرگیری کاتی لە ئێران) کە دەقە فارسییەکەی لە لایەن وەشانخانەی شیرازە بڵاو بۆتەوە و وەشانخانەی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە؛

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری سپی لە ئێران) بە ئینگلیزی و فارسی کە وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی 1398ـی هەتاوی ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی و فارسی دەقی **شاری قەدەغەکراو** (توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران) کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

- و توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنووڕەوە هەتا سنوور** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران) کە 5 ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

-دوایین توێژینەوەکانی نووسەر سەبارەت بە **خەتەنەی پیاوان** و **جۆرەکانی کاری منداڵان لە ئێران** خەریکە چاپ دەکرێت.

توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیان دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com

## سەرچاوەکان:


بهرامی، محمد (1385). «درآمدی بر جامعه‌شناسی خانواده در قرآن»، *پژوهش‌های قرآنی*، دورهٔ دوازدهم، شمارهٔ 48، ص 47-72.

پورنقی، شهلا (1394). «بررسی جامعه‌شناختی عوامل مرتبط با ازدواج دیررس جوانان ازدواج‌کردهٔ بالای 30 سال شهر بناب»، *فصلنامهٔ مطالعات جامعه‌شناسی دانشگاه آزاد تبریز*، سال هفتم، شمارهٔ 27، ص 63-80.

دانینو، آندره (1383). *جامعه‌شناسي روابط جنسی*، ترجمة حسن پویان، تهران: توس

رافعی، طلعت (1382). *تحلیل بر روان‌شناسی زن در ازدواج موقت*، تهران: دانژه.

ساروخانی، باقر (1385). *مقدمه‌ای بر جامعه‌شناسی خانواده*، تهران: سروش.

فضل الله، سید محمدحسین (1383). *دنیاي زن*، تهران: دفتر پژوهش و نشر مهدوي.

کجباف، محمدباقر (1384). «رفتارشناسی جنسی در اندیشهٔ دینی»، *فصلنامهٔ مطالعات راهبردی زنان*، سال هفتم، شمارهٔ 27، ص 133-144.

کریمی‌نیا، محمدمهدی (1390). «بررسی ازدواج موقت در دایره‌المعارف لیدن»، ترجمهٔ شهلا حائری، *مجلهٔ تخصصی قرآن‌پژوهی خاورشناسان*، شمارهٔ 10، ص 73 تا 96.

گیدنز، آنتونی (1389). *جامعه‌شناسی*، ترجمهٔ حسن چاوشیان، تهران: نی.

نورعلیزاده میانجی، مسعود (1388). «مدل اسلامی مصون‌سازی رفتار جنسی با تأکید بر پیشگیری و درمان انحراف‌ها و مشکلات جنسی»، *فصلنامهٔ علمی تخصصی اسلام و روان‌شناسی*، سال سوم، شمارهٔ 5، ص 107-142.

هاشمی بهرمانی، عماد (1392). اعتدال و پیروزی (هاشمی رفسنجانی کارنامه و خاطرات 1369). تهران: دفتر نشر معارف انقلاب.